# ژیانی د. کەمال سەید قادر لە مەترسیدایە

**کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان !**

لە ڕۆژی 26 / 10 / 2005، د. کەمال سەید قادر، یاساناس، نووسەر و ئەکادیمی کورد، هەڵگری ڕەگەزنامەی نەمسایی، بەهۆی نووسینی دوو وتارەوە لە وێب سایتە کوردییەکاندا، لە شاری هەولێر، لەلایەن دەستەیەک چەکداری نە ناسراوە ڕفێندرا . پاش دوو هەفتە لە بێسەرو شوێنکردنی د. کەمال، نوێنەری حکومەتی هەرێمی پارتی دیموکرات کوردستان لە سوید، ناچارکرا ددان بەوەدا بنێت کە لە زیندانی ئاسایشی ئەو حکومەتەدا زیندانی و دەستبەسەر کراوە .

ڕفاندن و بێسەرو شوێنکردنی د. کەمال، کارێکی نا یاسایی و بە پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤەوەیە لە کوردستان و لە دنیادا . دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی د. کەمال، مامەڵەی نامرۆیی لەگەڵیدا و فڕێدانی لە ژوورێکی پڕ لە بۆگەنی میز و میکرۆباویدا، بووە هۆی ئەوە کە د. کەمال تووشی نەخۆشی پێست ببێت و بکەوێتە بارێکی جەستەیی و دەرونی زۆر ناهەمووارەوە . هەر بەو شێوەیە کە د. کەمال لە نامەکانی زیندانیدا باسی دەکات، زیندانی حکومەتەکەی پارتی مەترسیدارتر و پیسترە لە زیندانەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس . دکتۆر کەمال، بۆ نارەزایەتی بەرامبەر بە ڕفاندن و بێسەرو شوێنکردنەکەی، بۆ نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بە بارودۆخی نالەباری زیندان، ناچارکرا بۆ ماوەی 25 ڕۆژ مان لە خواردن بگرێت . لە دەرەوەی زیندانیش، نارەزایەتییەکی زۆر لەلایەن ڕۆشنبیران، نووسەران و خەڵکی ئازادیخوازی دەرەوەی کوردستان دژ بەم کردەوە نامرۆیی و دژی ئازادییەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێخراو هەمووﻻیەک خوازایاری ئازادی بێ قەید و مەرجی د. کەمال بوون، بەڵام ئەوەی جێگای نەفرەت و بێزاری زیاترە، ئەوەیەکە دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر وەڵامی ئەو داخوازییەی نووسەران، ڕۆشنبیران و خەڵکی ئازادیخوازی دەرەوەی کوردستانیان نەدایەوە و هیچ ڕێزێکیان بۆ دانەنا، نەک هەر وەڵامی بە مانگرتنی 25 ڕۆژەی د. کەمال نەدایەوە، بەڵکو لە شانۆگەرییەکی کۆمیدی بە ناو دادگاییکردنیدا، حوکمی 30 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند . هەم د. کەمال و هەم ئێمەیش وەک لایەنگرانی ئازادی ئەو، ئەم حوکمە بە حوکمێکی ساختەو نایاسایی دەزانن و بەتووندیش ڕەتیدەکەنەوە، نەک هەر ڕەتیشی دەکەینەوە، بەڵکو پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە ئەوبەناو دادوەرانەی کە ئەو حوکمە سەددامی و ساختەیەیان داوەو دادگایەکی ساختەیان بە فەرمانی نووسینگەی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ د. کەمال ساز دابوو، دادگایی بکرێن و بە توندی سزای یاسایی بدرێن و هەرچی زیانێکی گیانی، دەروونی و کۆمەڵایەتی لە د. کەمال دراوە بۆی قەرەبۆ بکرێتەوە .

**نووسەران و ڕۆشنبیران !**

**حیزب و لایەنە سیاسییەکان !**

ئەمە ترسناکترین دەسەڵاتە کە لە سەر نووسینی دوو وتار، حوکمێکی سەددامییانە و بگرە خراپتریش لەو، بەسەر نووسەر و یاساناسێکی کوردا دەسەپێنێت. دڵنیابن ئەم دەسەڵاتە لە دەسەڵاتێکی داگیرکەر ترسناکترە لە سەر ژیانی ئێوە . بۆیە دەبێت بەهەموو لایەکمان سنوورێک بۆ ملهوڕییەکانی دابنێین و ڕێگا نەدەین کە بەو ئاسانییە حوکمی بکوژ و ببڕ بەسەرماندا بسەپێنێت .

ئێمە هەموو لایەک ئاگادر دەکەین کە دکتۆر کەمال بۆ ناڕەزایەتی دەربرین بەرامبەر بەم دەسەڵاتە ملهوڕە، بڕیاریداوە تا مردنی خۆی درێژە بە مانگرتن بدات . ژیانی ئەو لە مەترسیدایە و ئەم مەترسییەش دەسەڵاتی ملهوڕی نووسینگەی سەرۆکایەتی پارتی بۆی دروستکردووە . بۆیە دەبێت هەموو لایەکمان لە سەر ئەم کێشەیە بێینە دەنگ و بە هەموو ڕێگا و هۆکارێک سەرکردایەتی دەسەڵاتداری پارتی بخەینە ژێر گوشارە تا لە زووترین کاتدا د. کەمال بە بێ هیچ قەیدو بەندێک ئازاد بکات، گەرنا ، ئەوا کورد مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و ئازادیخوازی لە دەست دەدات و بەمەش زیانێکی گەورە لە سەرمایەی مەعنەوی میللەتی کورد دەکەوێت .

سەرۆکی پارتیش با لەوەدڵنیا بێت کە ئێمە هەموو وەرەقەیەکی گوشار لە ئاستی نێودەڵەتی و ناوخۆدا بە کاردەهێنین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و ئێمە بەرپرسیار نین لەوەی کە میللەتانی دنیا پاش ئەم کێشەی چۆن دەڕواننە کێشەی گەلەکەمان و دەسەڵاتی کوردی، بەڵکو بەرپرسی یەکەم ئێوەن لەم لایەنەدا .

**کەمپەین بۆ ئازادی دکتۆر کەمال سەید قادر**

**کۆمیتەی سەرپەرشتی کار**

**2005 / 12/ 24**

d.kamal@yahoo.com